# ژنی کورد له پەراوێزی مێژوودا

مەهاباد قەرەداغی

سەرەتا: ئەگەر پرسیار لە بارەی کێشەی ژنی کوردەوە بکرێ، ئەوەی بە خێرایی بە خەیاڵدا بێت، داماڵینێتی لە مافەکانی وەک مرۆڤێکی سرووشتی، بە میکانیزمی جۆراوجۆر و، بە میتوودی جۆراوجۆر. سنووردارکردنی جوڵە و هەڵسوکەوتی، تەسککردنەوەی بواری فەنتازیا و بیرکردنەوەی، لە ئاکامیشدا بریندارکردنی هەست و مرۆڤایەتی ئەو بە هۆی هەڵاوارنێکی ئاشکرا، کە بە ڕوانینێکی سەرپێیش لە هەموو بوارەکانی ژیاندا نیگا دەکرێ. پێکهاتەی کەسایەتی، لە کۆی ئەزموونەکانی ژیانی هەر مرۆڤێکەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەزموونەکانی ژیانی هەر ژنێکی کورد، بەهۆی ئەو هەڵاواردنەوە کە ڕۆژانە و لە هەموو شوێنێک بە بێ ڕیزپەڕ، ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەو ئەنجامەی لێ کەوتۆتەوە کە لە کۆمەڵگەدا، لە بوارە جیاجیاکانی وەکو سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری و تەنانەت ئایینیشدا پاسیڤە و، لە بوارەکانی زانست و داهێنانەکاندا بە ڕادەیەکی زۆر کەمتر لە پیاو دەردەکەوێ.

نەبوونی وێنەیەکی چوست و چالاکی ژن لە ناو مێژووی نەتەوەی ئێمەدا جێی نیگەرانی و تا ڕادەیەکیش شەرمە. لەبارەی بەشداری ژن لە بنیاتنانی مێژووی گەلەکەی، گەلانی هەموو جیهان هەمان کەموکوڕییان هەیە، بەلام ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە بێپایەکردنی ژندا و لە دوورەپەرێزکردن یان پەراوێزخستنی ژندا بە بەراورد، بە هەموو جیهان دۆڕاون. مێژووی کوردیش یەکێکە لەو مێژووانەی کە ژنی لە پەراوێزدا داناوە و، هەندێ جاریش ڕۆڵی ژن تەنانەت لە پەراوێزیشدا نابینرێت.

داماڵینی مرۆڤێ لە هەموو مافەکانی، بە هەر بۆنە و لە هەر کات و شوێنێکدا بێت لێسەندنەوەی سیفەتی ئازادییە لێی، کە سیفەتێکی مرۆڤانەی سروشتبەخشەو، پێدانی سیفەتی دیلێتییە، کە سیفەتێکی کۆیلانەی ئاغاکردە. لێسەندنەوەی توانای بیرکردنەوەیەتی، کە بەهۆیەوە مرۆڤ دەبێت بە ئافەرێنەر و، لێسەندنەوەی توانای فەنتازیایەتی کە بەهۆیەوە مرۆڤ دەبێ بە داهێنەر. سنووردارکردنی مرۆڤێ، لە قاڵبدانێتی لە بۆتەیەکی بێئەندازە تاریکدا، کە هۆش و ئاوەز بوار نادرێن بەو داهێنانانە بگەن کە ژیانی چەقبەستووی نەریت تێدەپەڕێنن و دۆزینەوە و داهێنان و نوێکردنەوە و گۆڕان بەرهەم دەهێنن.

هیچ ئەفسووس و مەخابنێک بەقەد ئەوە دادمان نادات کە بتوانین لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە ڕابردوومان، بۆ سوود گەیاندن بە ئێستا، چرایەک لە دواڕۆژدا هەڵکەین. کۆڵینەوە لەو دیاردانەی کە دوێنێ ڕوویانداو، هۆکاری ئەو بەپەراوێزبوونەی ژنی کورد بوون، لە پێناوی هێنانە ناو مێژووی ژنی کوردە و، ئەکتیڤکردنێتی لەو بوارانەدا کە بەرەو ناوەندی مێژوو هەنگاویان پێ هەڵدەگرن.

لە دیرۆکی ئێمەدا، وەک دیرۆکی هەموو گەلانی تری جیهان، قۆناغی جۆر بە جۆر هەیە. لە هەر قۆناغێکیشدا ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی ژنان و پیاوان جیاواز لە قۆناغی پێش و پاش خۆیان بوون. کۆڵینەوە لەو قۆناغە مێژووییانە دەبێ جێی بایەخمان بن، تا دیمەنێکی ڕابردووی ژنی کورد بخەینە ڕوو. بۆ ئەو مەبەستەش ئەم پرسیارانە لە وەلام دەگەڕێن:

- *ئایا ژن لە ڕابردووی تەمەن هەزاران ساڵەی دەڤەری ئێمەدا، چ ڕۆڵێکی هەبووە؟*
- *ئایا هەمیشە لە پەراوێزی ڕووداوەکاندا بووە؟*
- *ئەی لە ناوەندی کۆمەڵگەدا، ئامادەیی و پایەی هەبووە؟ ئەگەر ئا، کەی؟*
- *کەی پایەی ژنی کورد دابەزی و، بۆ ئەم دابەزینە؟*

لەم باسەدا، لە وەلامی ئەم پرسیارانە دەگەڕێین و، لە بەر چرای ڕاستیە مێژووییەکاندا، شیکردنەوەیەکی کۆمەڵناسی بۆ بارودۆخی دوێنێ و ئێستای ژنی کورد دەکەین و، بێگومان پێشنیاریش بۆ چاککاری و ئاساییکردنەوەی دۆخە نائاسییەکان دەکەین.

**(دایک) لە ناوەندی کۆمەڵگەدا:**

ئەمڕۆ، هەموو ئاکار و داب و نەریت و پێوەرەکانی مرۆڤی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، بە کۆمەڵگەی کوردیشەوە، کلتووری گەلانی دەوروبەر و دراوسێ و کلتووری کوردیش، ئەو وێنەیە دەخەنە بەرچاو، کە زەبروزەنگی سیستەمی باوکسالاری بونیاتنەری ستروکتووری کۆمەڵگەکانە. مێژووی چەند هەزار ساڵەی تێکڕای ناوچەکە و بە تایبەتیش هی میسۆپۆتامیا، کە زیاتر جێی بایەخی ئێمەیە، گەواهی ئەو بۆچوونەن کە ژن لە دەڤەری ئاماژەپێکراودا، خاوەنی ستاتوویەکی بەرجەستەی خۆی نییە و، بایەخی سروشتی خۆی پێ لەدەست دراوە. بەلام لە بەشێک لەو مێژووەشدا، بە پێی ئەو شیکردنەوانەی کە مێژوونووسانی دێرین و نوێش ئەنجامێکیان لێ هەلێنجاوە، ژن، لە پلەی دایکایەتیدا، لە سەنتەری کۆمەڵگەدا، جێی بایەخێکی زۆر بووە. هەر ئەو قۆناغەی کە لە مێژوودا بە دایکسالاری ناوزەد کرا، لە جێگای کوردستانی ئێستادا گروپ و کۆمەڵگەی وا ژیاوون، کە ژن تیایاندا ناوەندی خێزان و کۆمەڵگەش بووە و، خاوەنی پایەیەکی بلند و، بایەخێکی فراوان بووە. بایەخی ژن، لە سیفەتی دایکایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە و، بەهۆی منداڵبوون و بەرهەمی جەستەیەوە، ژن وەک پیرۆز و وەک هێزێکی سەرسوڕکەر نیگا کراوە.

کولتووری کۆمەڵگەکانی دەڤەری ئێمە، کارتێکەر و کارتێکراوی کلتوورە هەرە دێرینەکانی مرۆڤن، کە بەهۆی بەپیتی و بوژاوەیی سروشتی ناوچەکە، جێگەی سەرهەلدانی دەیان گروپی ئادەمیزادبووە لە بەرەبەیانی مێژوودا. کوردستان لە بەرەبەیانی مێژووەوە جێیەکی ئاوەدان بووە و میسۆپۆتامیا لانکەی یەکەمین شارستانیەت بووە. لێکۆلەرەوە و ئارکیۆلۆژەکان لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو کۆدانەی کە لە بەرهەمەکانی شارستانی کۆنی مرۆڤ ماونەتەوە، بە تایبەت ئەوانەی کە لە میسۆپۆتامیادا بەجێماون، بەو باوەڕە گەیشتوون کە لە قۆناغێکدا کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێک کە تا ١٣٠٠ ساڵ پێش زایین درێژەی هەبووە، لە سەرووی کوردستاندا، کلتووری هیتییەکان سەروەر و گەشەسەندوو بووە. ئەوان وا گومان دەکەن کە لەو کلتوورەدا ژن فەرماندەر و خاوەنی بڕیاری خۆی بووە. ئەو گومانەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەو کلتوورەدا ژنان گوێڕایەلی فەرمانی باو و برا و مێرد نەبوون و خۆیان لە بارەی کاروبارەکانیانەوە بڕیاریان داوە. ئەو هێلکارییانەی کە لە شوێنەواری ئەو کلتوورە دۆزراونەتەوە، ئەو گومانەیان لای ئەرکیۆلۆژەکان دروست کردووە. لەو هێلکارییانەدا، (پودوهیپا) ی شاژنی (هاتوسیلی سێیەم) کە فەرمانڕەوای دەولەتی هیتی بووە، خاوەنی مۆری تایبەتی خۆی بووە و بە ناوی خۆیەوە نامەی گۆڕیوەتەوە و، واش گومان دەکرێ کە ماوەیەکیش فەرمانڕەوایی دەولەتی هیتی کردبێت. ئەرکیۆلۆژەکان، واشیان لێکداوەتەوە کە ئەم خاوەن بڕیارێتییە، نەک تەنها شاژن، بەلکە ژنانی تری ناو کۆمەلگە کە سەر بە چینە جیاوازەکانیش بوون، هەیانبووە و، خاوەنی سەربەخۆیی بوون.

هەندێ جار دژەوتن لە خوێندنەوەی ئەرکیۆلۆژەکاندا بەدی دەکرێ. بۆ نموونە سەبارەت بە ستاتووی ژن لە خێزاندا، هەن وای بۆ چوون کە بنیادنانی خێزان لە کلتووری هیتیدا بناغەیەکی باوکسالارانەی هەبووە. بۆ نموونە مارەیی ژن دوای جیابوونەوەی گەڕاوەتەوە بۆ پیاو (مێرد) . مارەیی بریتی بووە لە کەلوپەلی ناو ماڵ، تا ئەو کاتەی ژن لەگەڵ مێردەکەیدا ژیاوە، کەلوپەلەکان هی ئەویش بوون، کە مێرد، دەمرێ، یان لێی جیادەبێتەوە، ئیدی

کەلوپەلەکان دەگەڕێنەوە بۆ مێرد. ئەم دیمەنە، لەگەڵ دیمەنەکەی پێشوودا یەک ناگرێتەوە و دژەوتنێک دروست دەکات، دەبێت لەمانە یەکێکیان ڕاست بن.

ئەگەر دیمەنی یەکەم، واتە خوێندنەوەی ئەو هێڵکارییانەی کە ئەو ئەنجامەیان لێ کەوتۆتەوە کە ژن خاوەنی بڕیاری خۆی بووە و، شاژن خاوەنی مۆری خۆی بووە، دیمەنێکی ڕاست شیکراو بێت، ئەوا دیمەنی دووەم دەبێ بە هەڵە خوێندرابێتەوە، واتە دەبێ لە خێزانیشدا ژن پایەیەکی بەرزی هەبووبێ.

هەندێ تێکستی یاسایی کە لە (ئۆگاریت) کە شارێکی فینیقی بووە و دەکەوێتە باکووری سوریا، واتە باشووری ڕۆژئاوای کوردستان، دۆزراونەتەوە کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ ١٣٠٠ ساڵ پێش زایین، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ژیانی خێزانی بریتی بووە لە وەسیلەیەک بۆ دروستکردنی (کوڕی یاسایی) ، یان بە گوزارە ئایینییەکەی (کوڕی شەرعی) . مارەیی ژن ئەو کاتە دەبووە گەرەنتی بۆی کە لە کاتی جیابوونەوەدا، لەو ژیانە خێزانییەی (کوڕ) ی بەرهەم هێنابووبێ. ئەگەر لە ژیانی پێکەوەیی دا کوڕی نەبووایە، ئەرکی کەیبانوو ئەوە بوو کە خۆی ژنێکی کۆیلە بۆ مێردەکەی پەیدا بکات و، ئەو کوڕەیش کە لە ژنە کۆیلەکە دەبوو، دەبوو بە منداڵی ژن و مێردە شەرعییەکە. لەم کلتووڕەدا بوونی ژن و پایە و بایەخی بە بوونی کوڕەکەیەوە گرێدراوە، ژنانی خانم و ژنانی کۆیلەش، هەردووکیان ئامرازی پەیداکردنی کوڕ بوونە، بە جیاوازی ئەوەی کە ژنانی کۆیلە تەنانەت مافی سەرپەرشتی منداڵەکەشیان پێ ڕەوا نەبینراوە.

ئەم دوو کلتوورەی ناوبران، هیتییەکان و فینیقییەکان، هاوچەرخی یەک بوون و دراوسێی یەکتر بوون. بێگومان ئەگەر شیکردنەوەی تێکستە یاساییەکانی ئۆگاریت وا بێ و بارودۆخی ژن لەو کلتووڕەدا بەو شێوەیە بووبێ کە لە سەرەوە باسمان کرد، کلتووری هیتییەکانیش دەخاتە نێو هەمان چوارچێوەوە، چونکە کلتووڕە دراوسێکان بە شێوەیەکی بەرچاو کار لە یەکتری دەکەن و بە ڕادەیەکی بەرچاوی لە یەک دەچن.

هەر سەبارەت بە ژنانی فینیقی، دەوترێ، ستاتوویان بە ستاتووی کۆمەڵایەتی خێزانەوە بەندە. ژنانی سەر بە خێزانی هەژار خۆیان بە هەموو کار و بارەکانی ناوماڵ هەڵدەستان، وەک چێشتلێنان و ئاوهێنان و جلشتن و هتد. . ، بە پێچەوانەی چینی دەسترۆیشتوو کە کۆیلە کارەکانی بۆ دەکردن. پیاوان بۆیان هەبوو چەند ژنێکی کۆیلەیان هەبێ و کاروباریان بۆ بە ئەنجام بگەیەنێ. لە کاتی داوەتکردندا، پیاوان داوەتکار بوون و، ژنان خزمەتکاری میوانەکان بوون و تا سەرخوان ڕێنوماییان دەکرد. [١] .ئەم وێنەیەش دیسانەوە دوورمان دەخاتەوە لەو گریمانەی کە ژن لە ناوەندی کۆمەڵگەدا لەو قۆناغەدا پێگەیان هەبووبێ.

لە شاری (چەتاڵ هیووک) ، لە ئەنادۆڵ ڕووبەرێکی (١٣٠٠٠٠ کم٢) دۆزرایەوە، کە شوێنەواری چەند هەزار ساڵی کلتوورێک بووە. شوێنەواری ئەم شارە لە لایەن جێمس مێلارت (James Mellaart) ەوە هەڵکەندراوە، وا نیشان دەدات کە خاوەنی کلتوورێکی بەرز بوون، ژوورەکان بۆیەکراون، یان وێنەی هەڵکۆڵدراوی مرۆڤ و ئاژەڵی لەسەر داتاشراوە. وا دەردەکەوێ کارگەی مس و قورقوشمیان هەبووە، هەروەها کارگەی چنین، خشڵ و ئاوێنە و خەنجەریان دروست کردووە.

ئەم کلتووڕە لە نێوان ٩٠٠٠ تا ٦٠٠٠ ساڵی پێش زایین گەشەی هەبووە. میلارت و کەسانی تریش پێیان وایە ژنان فەرمانڕەوای ئەو کلتووڕە بوون و لە سێنتراڵدا پێگەیان هەبووە. ژنان لەگەڵ منداڵەکانیان و خشڵ و ئاوێنەکانیان لە ناوڕاستی ژێرخانی ماڵەکانیاندا نێژراون، بەڵام پیاوەکان لەگەڵ چەک و تفاقی ڕاوی سەردەمی بەردین، لە پەنایەکی بچووکی ژێرخانەکاندا نێژراون. پەیکەرە ژنەکان هەرچەندە بچووکن، بەڵام لە پەیکەرە

پیاوەکان گەورەتر و بەرجەستەترن و بە ڕوونی ئەو بۆچوونە دەسەلمێنن کە ژنان کاروباری کۆمەلایەتی و ئایینی و سیاسییان بەڕێوەبردووە و کاریگەربوون.

هەڵکۆڵینەکانی میلارت، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦١ دەستی پێکرد و، بەردەوامە، بە پێی ڕاپۆرتەکانی میلارت کۆنترین دۆزراوە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ ٧٠٠٠ ساڵ پێش زایین. ئەو ڕاپۆرتانەی میلارت کە لە ساڵی ١٩٦٦ نووسراون و پێش تەواوبوونی هەڵکەندنەکانن، پیشانی دەدات کە چەتاڵ هیووک لە دە هەزار ساڵ پێش ئێستاوە ناوی ئەو شارە بووە. میلارت پێی وایە سیستەمی کۆمەلایەتی ئەو کلتوورە نەک تەنها دایکسالاری بووە، بەڵکە یۆتۆپیاییش بووە. لەو جێگایەدا ١٠٠٠ ساڵ هیچ جۆرە شەڕ و پێکدادانێک ڕووی نەداوە و هیچ مرۆڤێ بەهۆی زەبروزەنگەوە ژیانی لەدەست نەداوە. ئاژەڵەکان تەنها بۆ هاودەمێتی ڕاگیراون و بەخێوکراون، خۆراکیش تەنها ڕووەکی بووە. سوود لە شیر و لە خوری ئاژەڵ وەرگیراوە و بە هیچ شێوەیەک بۆ گۆشتەکەی بەخێونەکراوە. میلارت جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ئەو کلتوورە یۆتۆپیاییە لە لایەن ژنەوە بەڕێوەبراوە و، (بەرزترین و پایەبڵندترین خواوەند لە پەرستگاکاندا ژن بوون.) [٢]

لە دێی (هاجیلەر) کە دێیەکی بچووکە لە نزیک (چەتاڵ هیووک) شوێنەواری کلتووری ٦٠٠٠ ساڵ پێش زایینە، لەم دێیەدا بە هیچ شێوەیەک پەیکەری پیاو نییە. [٣] پێدەچێ ئەم کلتوورە خزمایەتی لەگەڵ کلتووری مینۆیی هەبێ، کە لە کریتای یۆناندا لە دوو هەزار ساڵ پێش زاییندا کلتوورێکی گەشەسەندوو بووە[٤]. هەروەها نزیکایەتی هەبووە لەگەڵ کلتوورەکانی تری ئەورووپا، چونکە سیمبۆلەکان و جلوبەرگی پەیکەرەکان هەمان شێوەن. ئەو هونەرانەی کە لە کلتووری مینۆیی بەجێماون وا پیشان دەدەن کە ژنان بە کاری هەمەجۆری وەکو: بازرگانی، کاپتنی کەشتی، شۆفێری گالیسکە، ڕاوشکار، جوتیاری و کەشیشی پەرستگاکانەوە خەریک بوون. تەنانەت ئەوانەشی کە لەگەڵ ئەو ڕایەدا نین کە لە کلتووری مینۆییدا لە کریتا ژنان ولاتیان بەڕێوە بردبێ، یان یەکسان بووبێتن لەگەڵ پیاودا، پێیان وایە کە ژیانی ئایینی هەر لە سەردەمی برۆنزییەوە تا سەردەمی کلاسیکی لە لایەن ژن (زەوی دایک) ەوە بەڕێوەچووە. باوەڕی وا هەیە کە پەرستنی خواژنەکان تا سەردەمی کلاسیکی درێژەی بووبێ. [٥]

ئەم کلتوورانەی کە لە نزیک یەکترەوە ژیاوون کاریگەرییان بۆ سەر یەکتر هەبووە و وەک لەو نموونەیەشدا دەردەکەوێ کە ژنانی سەر بە هەردوو کلتوورەکە خاوەنی دەسەلات و توانای ئابووری بوون. بەڕێوەبردنی کلتووریش تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە توانای ئابووری بەڕێوەبەرەکانییەوە. هەر بۆیەشە سیمای دایکسالاری لەو کلتوورە هەرە دێرینانەدا، کە ژنان توانای ئابوورییان هەبووە، ئاشکرایە. گرووپە دێرینەکانی میسۆپۆتامیاش کە هاوچەرخی ئەو کلتوور و گرووپی مرۆڤانە بوون کە ناومان بردن شێوەژیانێکی لێکچوویان هەبووە و ژنان تیایاندا پێشڕەو بوون.

هەندێک وای بۆ دەچن باڵادەستی ژن لە بەخێوکردنی ئاژەڵدا ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لەوەی کە ژنان پێشڕەوی کۆمەڵگە بوون. واتە لە قۆناغی کۆچەرییدا کە قۆناغی ئاژەڵداری بووە ژنان پایەیەکی چەسپاوتریان هەبووە لە قۆناغی نیشتەجێبوون، کە زیاتر بە کشتوکاڵەوە سەرقاڵ بوون و ئاژەڵەکانیان لەدەست داوە. بەڕووبوومی ئاژەڵ لە زۆر لە کلتوورە دێرییەنکانی دنیادا تایبەت بووە بە ژنەوە. خۆیان سەرپشک بوون لە چۆنێتی بەکارهێنان و فرۆشتنی، داهاتەکەی هەر بۆ خۆیان بووە.

لە کوردستانیشدا، شوێنەواری کلتووری (کشتووکاڵی زۆر بە ڕوونی لە دۆزراوەکانی قەلای یارمۆ (چەرمۆ) دا بەدی دەکرێت کە مێژووی بۆ هەزارەی پێنجەمی پێش زایین — نزیکەی ٤٧٥٠ ساڵ - دەگەڕێتەوە.) [٦]، هەیە و،

ئەوەش سنووری ژیانی کۆچەری و نیشتەجێی کوردستانمان بۆ لەیەکتر جیا دەکاتەوە و ئاشکرا دەکات. بەم پێیەش دەکرێ بڵێین لە کلتوورەکانی نیشتەجێی کوردستاندا، ژنان تا هەزارەی پێنجەمی پێش زایین خاوەنی پایەی ئابووری بوون و، لە دوای ئەوەش هێدی هێدی بە گۆڕانی ژیان لە قۆناغی کۆچەرایەتی و ئاژەڵدارییەوە بۆ نیشتەجێبوون و کشتوکاڵ و جووتیاری پایەیان بەرەو لێژی دەچوو.

(کشتوکاڵ سیمایەکی تری بۆ نیشتەجێکان زیاد کرد، ئەمان چیتر وەکو ڕاوکەری کەژی لە ئۆردوگاکاندا نەمانەوە، بەڵکو گووندی تەواو ڕێکوپێکیان دامەزراند و هەر گووندە و مەشاعەتی بنەماڵەیەک تیایدا دەژیا. دانیشتوانی یارمۆ خانووی گۆشەڕاستیان دروست دەکرد، دیوارەکان لە قووڕی پەستراو یان ڕەنگبێ خشتی قووڕ و هەندێ جار لە سەر بناغەی بەرد دەکران. لە ناوەوەی ماڵەکاندا. لە هەرە ناوەڕاستیاندا تەندوورێکی خڕ دەکرا. ماڵەکان هەموویان وەکو پەراسووی لەشێکی گەورە لە یەکەوە نزیک بوون. ئەو لەشە گەورەیە مەشاعەتی بنەماڵە بوو کە لە سەر بنچینەی کاری هاوبەش و یاسای ماتریارخی (دایکسالاری) دامەزرا بوو. گۆڕانکاری لە ژیانی واقیعیدا، ڕەنگی لە بیروباوەڕی ئایینی دانیشتوانی قەگی یارمۆ دایەوە. گرنگترینی ئەم بیروباوەڕانەش پەرستنی بەپیتی و ئافرەت بوو، کە یەکەم بەرهەمهێنەرە. خواوەندی دایک شێوەی پەیکەری ئافرەتێکی دانیشتووی هەبوو. پەرستنی خواوەندی ڕووەک کە پیاو بوو، پەیوەندی بەهێزی بە خواوەندی دایکەوە هەبوو و لە دواتردا هەمیشە پێکەوە بوون. لەناو ئەم پەرستن و بیر و باوەڕانەدا، بێگومان گەلێ توخمی بە میرات ماوەی چەرخەکانی پێشووتر مابوونەوە. پەرستنی خواوەندی ژن (دایک) بە ڕەچەڵەک بۆ پەرستنی دایک (داپیرە گەورە) ی چەرخی پالێولیتی (کۆنترین قۆناغی چەرخی بەردینی کۆن) دەگەڕێتەوە. داب و دەستووری کشتوکاڵی، هی پەرستنی پیت و بەرەکەتی ڕووەکەکان لە شەعایری زاوزێی دڕندەکان و ڕاوچییانەوە هاتووە، بەڵام بە گشتی ئەمانە ئێستاکە بیروباوەڕی ئایینی تازەی جوتیارە کۆنەکان بوون.) [٧]

ئەم دۆخە لە قۆناغی کشتوکاڵی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە سەرەتای قۆناغی سەقامگیربوون لە گووندەکان و خەریکبوون بە پیشەی جوتیاری و خۆگرێدان بە خاک و زەوی و زارەوە، سیستەمی دایکسالاری هەر برەوی هەبووە. برەوی ئەم سیستەمەش هەر لە سۆنگەی لێکچوونی سروشتی ژن و سروشتی زەوی وەک بەرهەمهێنەر، بایەخی ژنی تا ئەو ساتەش پاراستووە. هەر لە سەردەمی چاخی بەردینی کۆنەوە، تا سەرەتایەکیش لە قۆناغی کشتوکاڵی و نیشتەجێبوون، بایەخی ژن بەردەوام بووە. پیرۆزی ژن و خاک و چوواندنیان بە یەکتری لە ناو ئەدەبیاتی زۆر لە میللەتاندا و، بە تایبەت میللەتانێ کە کەمتر بە ژیانی شارستانی و جەنجاڵی کارگەکانەوە پەیوەستن، ئێستاش ڕەنگ دەداتەوە.

## پایەی ژن، بەرەو لێژایی:

پرسیاری سەرەکی و گرنگ لە پەیوەندی بە بەرەولێژی خلۆربوونەوەی گلۆڵەی ژن و، دابەزینی پایەی، ئەوەیە کەی و بۆچی و چۆن ئەو دۆخە دروست بوو کە پایەی ژن لە ترۆکی هەرەمەوە بەرەو پایینی لێژ بووەوە و بایەخی خۆی لەدەست دا. بۆ دۆزینەوەی وەڵامێکی لۆژیکی بۆ ئەو پرسیارە سەرەکییە، ڕەنگە بۆ سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەت و مەملەکەتەکان بگەڕێینەوە، کە گۆڕانی دەسەڵاتی گرووپەکان و جێگۆڕکێی گروپەکان و تەنگهەڵچنین بە یەکتری دەبێتە سۆنگەی کەمبوونەوەی بایەخی گروپێک و زیادکردنی بایەخی گروپێکی تر.

ئەو شەڕانەی کە لە دیرۆکی هەرە زووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە پێناوی دەسەڵات و گۆڕانی فەرمانڕەوایی کۆمەڵگە لە گروپێکەوە بۆ دەستی گروپێکی دیکە کراون، لەو قۆناغە ترسناکەی جەنگدا سەرەتاکانی گۆڕانکاری زۆر دروست بوون، کە یەکێک لەو گۆڕانکارییانەش جێگۆڕکێی سیستەمی دایکسالاری بووە بە باوکسالاری.

لە میسۆپۆتامیا، لە ئەنجامی جەنگی گەورەدا، ئیمپراتۆریەتە دێرینەکان جێگەیان بە یەکتر لەق دەکرد. سۆمەرییەکان جێگەی خۆیان بۆ بابلییەکان بەجێهێشت و، ئاشوورییەکانیش هاتن و ئەوانیان لە دەسەلات خست. ئەم دەسەلاتانە یەک لەویتر دڕندانەتر هەڵسوکەوتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە بە گشتی کردووە. وا دەردەکەوێ کە ژن لە کلتووری سۆمەرییەکاندا لە سەرەتادا پلە و پایە و دەسەلاتی خۆی هەبووە. (وشەی سۆمەری لە قۆناغی یەکەمی سێیەم هەزارەی پ. ز. amargiبوو، کە ڕێک مانای گەڕانەوە بۆ دایک دەگرێتەوە.) [^8]

ئەمەش ڕوونکەرەوەی بایەخی ژنە لای ئەو کلتوورە کە ژن وەک سەرچاوەیەک بینراوە و هەمووان بۆ ئەو گەڕاونەتەوە و ژن ناوەندی کۆمەڵگەی سۆمەری بووە. بەڵام لەگەڵ داگیرکردنەکاندا، کە بە جەنگ ئەنجام دراون، کۆمەڵگە دابەش بوونەتە سەر چینی جیاواز و بە کۆیلەگرتنیش یەکێک بووە لە سیماکانی ئەو جەنگانە و دیاردەی بەرچاوی ئەو قۆناغانەی کە گروپ و چینی دەسەلاتدار خۆیان بەسەر گروپ و چینی بێدەسەلات سەپاندووە. پێدەچێ یەکەمین گروپی کۆیلەی دنیا ژن بووبێتن. بەهۆی بایەخی ژن لە دیرۆکی زووی مرۆڤدا، بە کۆیلەگرتنی ژنان برەوی زیاتری هەبووە وەک لە هی پیاوان. بێگومان بەهۆی ئەو بایەخەوە کە جەستەی ژن هەیبووە لە سۆنگەی دروستکردنی منداڵ و بەرهەمهێنانی مرۆڤەوە. یەکێکی تر لەو هۆیانەی کە بایەخی کۆیلەی ژنی لە کۆیلەی پیاو زیاتر کردووە، تەمەنکورتی پیاو بووە، بەهۆی زەبروزەنگی شەڕەکان و کوژرانی ئەوان لەو شەڕانەدا، بە پێچەوانەی ژن کە تەمەنیان درێژتر بووە و، وەک دەستکەوتێکی بەرهەمهێنەریش تێیان ڕوانیوون.

جەنگ و زەبروزەنگ و سەپاندنی دەسەلات بەسەر کۆمەڵگەدا لای پیاوان، وەک هەڵگیرسێنەری جەنگەکان وەک شانازییەک تەماشا کراوە، چونکە لەو جەنگانەدا پیاوان دەستکەوتی ئابووری و دەستکەوتی کۆیلەشیان هەبووە، لە ئەنجامی تالان و بڕۆی جەنگەکاندا. ئەو دەستکەوتە ئابوورییانە و کۆیلەکانیان دەسەلاتیان بۆ دابین کردوون و، لە ناوەند دا پێگەیانیان سەقامگیر کردووە. هەر ئەو دەستکەوتانە پیاویان لە پەراوێزێتی ڕزگار کردووە و جێگەیانی گواستەوە بۆ ناوەند. شانازی کردن بە هێز و کردنی بە خاڵی جیاهەڵکەوتووی پیاو بەسەر ژنەوە، لە قۆناغی جەنگەکان و لە دەسەلاتداری و فەرمانڕەوایەتییەوە سەرچاوەی گرت.

ژنان، کە پێشتر ناوەندی کۆمەڵگە بوون و دەسەلاتدار و بەڕێوەبەری کۆمەڵگەبوون، کارێکی ئەوتۆی نەکرد، کە دەسەلاتیان خۆش بوێ و بەپەرۆشەوە بن بۆی، وەک لە قۆناغەکانی تردا بەپەرۆشی پیاو بۆ پێگەکانی دەسەلاتدارێتی دەردەکەوێ. ئەمەش هۆی ئەوە بوو کە کۆمەڵگەی ساکاری قۆناغی دایکسالاری، پەیوەندییەکان لە نێوان مرۆڤ و سروشت بوون. ژن هێزی خۆی لە سروشتەوە وەردەگرت، بە بەهرە و ژیری خۆی و نزیکبوونی لە سەروشتەوە دەستکەوتەکانی خۆی لە سروشتەوە کۆدەکردەوە، کە بریتی بوو لە بەرهەمهێنانی خۆراک، دۆزینەوەی چاندن و بەروبوومی زەوی، دۆزینەوەی بەرهەمی کەتان و لۆکە و دروستکردنی جلوبەرگ لێیان. ئەو دەستکەوتانەی کە ژن لە سروشتەوە هەیبوو، بۆ ژیانێکی ساکار دەگونجا. ئاڵۆزبوونەوەی ژیان بە هۆی دۆزینەوەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و، دەستکەوتەکانی پیاو لە تالانی و کۆیلەگرتنی مرۆ لە جەنگەکاندا، جۆری دەسەلات و گروپی دەسەلاتداریشی گۆڕی.

جەنگەکان هاوکێشەی دەسەلاتیان گۆڕی، لە جیاتی پەرستنی خواوەندی ژن و دیاردە سروشتییەکان، پاشاکان بوون بە سێبەری خوا و، حوکمی ژیان و مردنیان بەسەر خەڵکد دەدا. لە (ئوور) گڵکۆی پاشاکان ئەو قوربانییانەشیان تیابوو کە بە فەرمانی پاشاکان بۆ ژێرخانەکان ڕاپێچ کراون و سەربڕدراون. ئەو گڵکۆیانە پڕن لە لەشی ژن و پیاوی قوربانی. یەکەمین نووسراوەکانی سەردەمی دێرینی مرۆڤ هی سۆمەرییەکان بووە، کە بە

www.kurdistannet.org
26-4-2003 0:50
خەتی بزماری لەسەر تابلۆ قوڕەکان قۆناغی پڕ زەبروزەنگی باوکسالاری و ململانێکانی ناو کۆمەڵگە ڕوون دەکەنەوە.

بابلییەکانیش بە هەمان شێوە، لە قۆناغی فەرمانڕەوایی حەموڕابیدا، کە لە نێوان ١٧٢٨-١٦٨٦ ی پێش زاییندا بووە، مێژووی قۆناغێکی پڕ لە زەبروزەنگیان بۆ ئەو دەڤەرە تۆمار کردووە.

بە پێی یاساکانی حەموڕابی، کە لە مێژوودا وەک یەکەمین یاسای نووسراو ناوزەد کراوە، لە بابلدا: (پیاو دەیتوانی منداڵەکانی بفرۆشێت، هەروەها ژنەکەشی بفرۆشێت. خێزان یەکەیەک بوو باوک بڕیاردەری بوو، هەر ئەویش مەلا یان کەشیشی ماڵەوە بوو. خزم لە سەرووی خێزانەوە بوو، لە کاتێکدا موڵکێک دەفرۆشرا ئەو بڕیاری دەدا. مارەیی ژن، هەر وەکو کۆیلەکان، مەڕ و مالات و قاپ و قاچاغی ماڵەوە بوو، ئەوانە موڵکی ژن بوون، پیاو دەیتوانی بەکاریان بهێنێ بەڵام بۆی نەبوو بیانفرۆشێ. لە کاتی جیابوونەوەدا دەبوایە مارەییەکە بگەڕێتەوە بۆ پیاو.) [9]

یاساکانی حامورابی لەسەر بناغەی باوکسالاری بنیاتنرابوو، کە زەبروزەنگ یەکێکە لە سیما هەرە بینراوەکانی ئەو سیستەمە. لەو کاتەوە ئیدی بە پێی یاسا ژن کەمبایەخ کرا و پایە و پلەکانی پێشووی بە یەکجاری لەدەست چوو. دەکرێ بوترێ یەکەمین یاساکانی دنیا، کە ئەوانەی حامورابی بوون لە بابلدا، بوونە لێژکەرەوەی فەرمی پایەی ژن و دابەزاندنی لە سەرووی هەرەمەوە بۆ پایینی. هەروەها بوون بە بناغەیەک بۆ هەڵسوکەوتی زەبرزەنگئامێز لە میسۆپۆتامیا و، لە هەموو ئەو دەڤەرەدا کە کارتێکراوی ئەو کلتووره بوون کە یاساکانی حامورابی بەڕێوەی دەبردن. وەک دەبینین یاساکانی حامورابی تا ئێستاش بە گەشەپێدراوی و زەبروزەنگئامێزانە تر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و لەو دەڤەرەی ئێمەدا بە تایبەتی ڕەنگ دەداتەوە بەرامبەر بە ژن و، دۆخێکی نائاسایی بۆ پێکهێناوە.

سۆنگەیەکی تر بۆ پایەلێژبوونی ژن دەگەڕێتەوە بۆ کەمبوونەوەی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی ئەو لە ژیانی شارەکاندا، بە پێچەوانەی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی زۆری لە سەر کێوەبەرزەکان و ناو گوند و لادێکاندا. لە شارەکاندا کەمتر بوار بۆ ئاژەڵداری دەسازا وەک لە چیا و دۆڵەکان. (گەشەسەندنی شێوەکانی ئاژەڵ بەخێوکردن لە هەل و مەرجی تایبەتی سەر چیابەرزەکاندا، زەمینەیەکی وای بۆ کەمکردنەوەی دەوری ئافرەت و چەسپاندنی دەسەڵاتی پیاو لە خێزان و کۆمەڵگە نەڕەخساند. دەوری ئافرەت و کارکردنی لە بەخێوکردنی مەڕ و مالاتدا، هەروەکو لە بەخێوکردنی ولاخەبەرزە و بە تایبەتیش ئەسپ، گەلێ زێتر بوو. جگە لەوەش، خێڵە شوانکارە چیایەکان، بە پێچەوانەی کۆچەرەکانی دەشتایی، دەبوایە زیاتر بەرگری لە خۆیان بکەن و سامانی خۆیان بپارێزن لە ترسی هێرشە وێرانکارییە لەبن نەهاتووەکانی بێگانە، نەک شالاو بۆ سەر خەڵکی تر ببەن. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە شانبەشانی سیستەمی چەکداری خێڵەکان، هەروەها سیستەمی خێڵە نیوەچەکدارەکان پەیا بێت، ئەوەی کە تاکو ئێستا و بە تایبەتیش لە ناو کورداندا ماوە.) [10]، ئەو دەم ژنانیش وەک پیاوان بەشداری ئەو شەڕە چەکدارانەیان کردووە، کە هێرشبەران بە نیازی جێلەقکردنی خێڵەکەیان کردوویانەتە سەریان. بۆ پارێزگاری لە سامانی خێڵ، پیاوان و ژنان پێکەوە بەرەنگاری دوژمنەکەیان بوونەتەوە. لە بەر هەلومەرجی سەختی ژیان لە سەر کێوە بەرزەکان، بوونیادی جەستەیی ژن هەر وەکو هی پیاو بەهێز بووە، بە بەراورد لەگەڵ بونیادی ژنانی نیشتەجێی دەشتایی کە کەمهێزتر بوون لە پیاوان. ژنانی شاخ و کێوەکان بە سیفەت گورج و گۆڵ تر و کارامە تر بوون لەوانەی دەشتایی. ئەم ژنە چوست و چالاکانەی ناوچە شاخاوییەکان و گوندە سەختەکان، ئەوانەن ئەو دڕدۆنگییەشیان لای ڕۆژهەڵاتناسان دروست کردووە سەبارەت بە ئازادی ژنی کورد لە چاو ژنانی گەلانی دراوسێ. تەنانەت ئەمە لە ڕابردوویەکی نزیکدا کە تەمەنی دوو سەد ساڵ تێناپەڕێنێ، گەریدەکان ژنانی

بێچارشێوی کورد سەرنجی ڕاکێشاون و، میواندۆستی و کارامەیی ئەوانیان لەناو کێڵگە و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەوەی لای ئەوان ڕوونکردۆتەوە کە ژنانی کورد لە ژنانی گەلانی تری ئەو دەڤەرە و گەلانی دراوسێی کورد ئازادترن لە ڕەفتارکردنیان لەگەڵ پیاواندا.

بێگومان ئەمە بۆچوونێکە ڕاستی بارودۆخی ژیانی ژنی کورد ناخاتە ڕوو، هێندەی شیکردنەوەی هەڵەی گەریدەکان دەخاتە ڕوو. چونکە لە کوردستاندا ئێستاش سیستەمی خێڵ و بنەماڵە برەوی هەیە و لە کلتووری خێڵ و بنەماڵەشدا ژن کەرەستەی خاوە بە دەستی پیاوانی خێڵەوە و، جوڵە و ڕەفتارەکانی سنووردارن. لە کلتووری خێڵدا ژن، سیفەتێکی ئەبستراکتیشی پێدراوە، ئەو سیفەتەش کردنی ژنە بە شەرەفی خێڵ و بنەماڵە. خودی ئەم سیفەتە پێدراوەی لە لایەن سیستەمی خێڵەوە، کردوویەتی بە کۆیلەیەکی کەسایەتی زەوتکراو.

بەجێهێشتنی چیاکان و نیشتەجێبوونی خێڵە کۆچەرەکان لە دەشتاییەکاندا کارێکی وای کرد کە بایەخی ژن کەم ببێتەوە، بەهۆی کەمبایەخبوونەوەی ئەسپ، کە لەسەر چیاکاندا سوودمەند بوون و لە دەشتاییەکاندا ڕادەی ئەو سوودەیان بۆ خێڵەکان کەمتر بووەوە. ژنانیش بە هەمان شێوە لە ژیانی سەختی چیاکاندا و لە ناو خێڵە کۆچەرەکاندا، کە شانبەشانی پیاوەکان کاریان دەکرد و تەنانەت چەکداری خێڵیش بوون، لە دەشتاییەکاندا پێویستی بەو کارانە کەمتر بووەوە و ژنانیش برێک لە بایەخی خۆیان دۆڕاند. (ئەو کۆچەرانەی کە لە دەشتاییە دوورەکانەوە هاتبوون لە ماوەیەکی کورتدا ئەسپەکانیان کە لە چیاکاندا سوودیان کەم بوو، بە مەڕ و بزن گۆڕییەوە. بەڵام دەوری پێشڕەوێتی ئافرەتەکانیان لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا هێشتەوە. لە کاتێکدا هەر ئەم خێلانە، یان خزمەکانیان کە لە دەشتاییەکاندا مانەوە ئەسپەکانی خۆیان پاراست و زیاتریشیان کردن و بایەخیشیان گەلێ پتر بوو، بەڵام ئافرەتەکانیان بە تەواوی کەوتنە ژێر دەسەلاتی پیاوان.) [11]

هەموو ئەمانەی هەتا ئێستا هێنامانە بەر ڕووناکی، دەمانگەیەننە چەند خاڵێک، کە دەکرێ وەڵامی ئەو پرسیارە پێک بهێنن کە کەی پایەی ژن دابەزی و ئەو پرۆسێسەش چۆن بەڕێوە چوو؟ لە بەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییە مێژووییانەدا کە تا ئێستا لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەرکەوتن، نیشتەجێبوون لە دەشتاییەکاندا ئەو قۆناغەیە کە پرۆسەی دابەزینی پایەی ژنی تیادا دەستی پێکرد. ژنانی دەشتایی پایەی کۆمەڵایەتییان لەبەر ئەم خالانە دابەزی:

یەکەم: ژنان لە قۆناڵی کۆچەریدا لە بەخێوکردنی ئاژەڵدا باڵادەست بوون، سەرپەرشتی ئاژەڵیان دەکرد و بەروبوومی ئەو ئاژەلانەش هی ئەوان بوو. واتە لە ڕووی ئابوورییەوە ژنان لە قۆناغی ئاژەڵدارێتیدا مەیسەرتر بوون.

دووەم: لە ژیانی نیشتەجێبوون، پیاوان لە ڕووی ئابوورییەوە مەیسەر بوون و ژنان ئەو بژێوییەیان لە دەست دا. لەم قۆناغەدا ژنان وابەستەی پیاوەکانیان بوون و پیاوان بوون بەخێوکەری خێزان.

سێیەم: بوونیادی جەستەی ژن لە قۆناغی کۆچەرێتی و ژیانی سەر چیاکان و گەرمیان و کوێستان بەهێز بوون، کەچی لە دەشتاییەکاندا ژنان بوونیادی جەستەییان بەرەو لاوازی و ناسکی چوو.

چوارەم: فراوانخوازی بوو بە کلتوورێک کە پیاوان نۆرمەکەیان دانا و، چەسپاندنی دەسەلات بەسەر ئەوانی تری بێهێز بوو بە سیفەتێکی بەردەوامی ئەوان. زەمینەی یەکەمین دەسەلات سەپاندنیش لە خێزانەکەی خۆیەوە ساز بوو، بەسەر هاوسەرەکەی خۆیدا پیادەی کرد.

تا ئەمڕۆکەش شوێنەواری کلتووری دایکسالاری لە کوردستاندا لە هەندێ سیمای کاڵبووەوەی گوتار و ڕەفتارەکانی خەڵکی کوردستاندا دەبینرێت. نموونەی ئەوەش بانگردنی کوڕانی ئازا بە ناوی دایکیانەوە، کە میراتێکی ئاشکرای ئەو کلتوورەیە کە لە دێرۆکدا لە کوردستاندا برەوی هەبووە. [12]



www.kurdistannet.org

له کوردەواری جاراندا، عەبا و چارشێو و حیجاب و نیقاب، بە هیچ شێوەیەک نەکراوە بە فەرز بەسەر ژنانی کوردەوە. بەهۆی ژیانی ئەوان لە سەر کێوەسەختەکاندا زیاتر ژیانێکی سروشتییان بەسەر بردووە و هەموو ئەو پەرۆیانەی کە لە ژیانی شارستانیدا گەلانی تری دەوروبەری ژنانیان پێ دەشاردەوە، ژنی کورد لێی بێبەری بوو. ئەمەش وای کردبوو کلتوورەکانی دەوروبەر و ئایینەکانی تر، ئەم هەڵسوکەوتە ئازادە و ئەم جلوبەرگە ڕەنگینانەی ژنی کورد بە لادان لە نەریت دابنێن. بە بۆچوونی ئەوان: (ئەمە لادانێکی ئاشکرایە لەو داب و نەریتە باوەی دانی پێدا نراوە، نەک هەر لە ڕوانگەی ئیسلامی ئۆرتۆدۆکسەوە، کە ئافرەتی کردە کۆیلە، بەڵکو لە گۆشەنیگای یاساکانی ئاشووریشەوە، کە پرۆسێسی ژێردەستی دەستپێکرد؛ بە پێی ئەم داب و نەریتانە، تەنها جیاوازییەک لە نێوان ئافرەتی سەربەست و ئافرەتی کۆیلە، یان ئافرەتی بێئابڕوو، ئەوە بوو کە ئەمانەی دوایی نەدەبووایە ڕووی خۆیان ببەستن، ڕووبەستن نیشانەیەکی ئافرەتی سەربەست بوو، لە ڕۆژهەڵاتی کۆندا[١٣].) ! ئەگەر چی لە ڕۆژهەلاتی کۆندا ڕووبەستن و حیجاب وەک سیمبولی ژنی ئازاد بووە و، بۆ جیاکردنەوەی لەگەڵ ژنانی نائازاد بەکاربراوە، بەلام خودی ئەو پرۆسەی حیجاب پۆشینە کۆیلایەتی بۆ هێنایە گۆڕێ لە بەردەوامی ئەو پرۆسەیەدا. ژنی کورد کە ڕووپۆشی نەبووە و لە ڕووی جلو بەرگەوە کراوەتر و ڕەنگینتر لە ژنانی تری دەڤەرەکەی نواندووە، بەلام ئەم ئازادییە هەموو بوارەکانی ژیانی نەگرتۆتەوە و هەمیشە لە لایەن پیاوانی خێڵ و تایفە و بنەماڵەکەیەوە کۆنترۆڵ کراوە. چونکە ستروکتووری کۆمەڵگەی کورد لەسەر بناغەی سیستەمی خێڵ بەڕێوە دەچێ و لەو سیستەمەشدا ژن سیفەتی ئەبستراکتی شەرەف لە جەستەیدا هەڵدەگرێ، دواجار دەبێ بە شتێک لە شتەکانی پیاو، لە باشترین حاڵەتیشدا، هەر بە شێوەیەکی نائاسایی دەبێ بە پاشکۆی پیاو. ژنی کورد پاڵەپەستۆیەکی دوولایەنەی خراوەتە سەر لە ڕۆژهەلاتی کۆندا، لایەکیان بەهۆی جۆری جلپۆشین و چارشێونەپۆشینی، کە کۆمەڵگەکانی دەوروبەری بە بێ ئابڕوویان زانیووە، لایەکەی تریش بەهۆی ئەو پاڵەپەستۆیەی کە لە کۆمەڵگەکەیە خۆیەوە و بە هۆی سیستەمی خێڵەوە پیادە کراوە و ئەمی پەستیوە. (لە ڕوانگەی دانیشتوانی ئاسیای بچووکەوە ئافرەتی کورد بێئابڕوو سەیر دەکرا و لە لایەن تێڕوانینی چینی دەسەلاتداری کۆمەڵگەی کۆیلەداریشەوە ڕەنگبایە هەر وەکو کۆیلەیەک تەماشا کرابایە.) [١٤]

پەیوەندی شەرەف بە سێکسی ژنەوە لە ئەنجامی کاریگەری داب و نەریتی خێڵەکی لە لایەکەوە و، ڕێساکانی ئاینە پەیڕەوکراوەکان لە لایەکی ترەوە، نەهامەتی بۆ باری کەسایەتی ژن هێناوەتە گۆڕێ. جگە لە ئایینە سروشتییەکان و ئایینە کوردییەکانی وەکو زەردەشتی، کاکەیی و ئێزدی و هتد، هەر سێ ئایینە ئاسمانییەکەش کاریگەری خۆیان لەسەر ڕەوشی کۆمەڵگە داناوە. لەناو هەموو ئایینەکانیشدا ئایینی ئیسلام لە هەموو ئەوانی تر زیاتر داب و نەریتەکانی بە ڕەنگی خۆی ڕەنگرێژ کردووە و، نۆرم و نرخاندنەکانی کۆمەڵگەی لەسەر چەسپێنراوە.

## ژنی کورد لە پەراوێزی مێژووی هاوچەرخدا:

ژن لەم دووسەد، سێسەد ساڵەی ڕابردوودا، لە کۆمەڵگەی کورددا چۆن ژیانی بەسەر بردووە و بە چ جۆرە چالاکییەکەوە خەریک بووە؟ پلە و پایەی ژن، ڕۆڵ و کاریگەرێتی ژن لە ژیانی ئابووری، کۆمەلایەتی و کلتووری و سیاسیدا لە چ ئاستێکدا بووە؟

ئەم پرسیارانە لە هیچ کتێبێکی مێژووی هاوچەرخی کورددا وەلام نادرێنەوە و بارودۆخی ژن و زانیاری سەبارەت بە ژیان و گوزەران و ڕۆڵ و کاریگەری یان کارینەگەرییان نەزانراوە. ئەوەی شک دەبرێ لە بارەی مێژووی کوردی ئەم سێسەد ساڵەی ڕابردوو، کتێبە بەناوبانگەکەی مێژووی شەرەفنامەیە، لە نووسینی مێژوونووسی ناسراوی کورد شەرەفخانی بەدلیسی، کە مەخابن ئەم سەرچاوە دەگمەنەش ڕۆشناییەکی نەخستۆتە سەر ژیانی

ژن. کتێبی مێژووی کوردستانی مەحەمەد ئەمین زەکی بەگ، کە دوای شەرەفنامە بە سەرچاوەیەکی پڕ بایەخی تر دادەنرێ، لەوێشدا هەمان تاریکی ڕەوشی ژنی کوردی داپۆشیووە. هۆی ئەمەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کورد تەنها بایەخی بە مێژووی سیاسی داوە و، ئەو سەرچاوانەی کە لە بارەی مێژووەوە هەن باس لە ڕووداوە سیاسییەکان دەکەن و ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئابووری لەواندا بە تاریکی ماوەتەوە. لەبەر ئەوەش کە ژن ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە ڕووداوە سیاسییەکاندا نەبینیوە، لەو کتێبانەدا ناوی نایەتە پێشەوە و، پیاو لە ناوەندی هەموو ڕووداوەکاندا ئامادەیە، بەڵام ژن یان هەر لەو ناوەندەدا ونە، یانیش بە کاڵی لە پەراوێزی مێژوودا ڕۆڵێکی لاوەکی دەبینێت.

ئەوەی جێی سەرنجە لە ئەمڕۆی ژنی کورددا، ئەو گۆڕانکارییە پۆزەتیڤانەیە کە لە چارەکی بیست ساڵی کۆتایی سەدەی بیستەمەوە دەستی پێ کردووە و بەردەوامە. ڕۆڵی ژن بە شێوەیەکی بەرجەستە هەموو بوارەکانی ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسی و سەربازیشی گرتەوە. لە سەرەتای هەشتاکاندا ڕۆڵی کاریگەر و پێشڕەوی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خەباتی سیاسیدا دەرکەوت و ژنان چ وەک سیاسی لە ناوەندی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان و، چ وەک پێشمەرگە و جەنگاوەر ڕۆڵی خۆیان لەیزی. ئەم ڕۆڵە پێشڕەوایەتییە لە مێژووی هاوچەرخی کورددا بۆ ژنی کورد وەک وەرچەرخانێکی مێژوویی لە قەڵەم دەدرێ و ئەم شانازییە بۆ ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆمار دەبێت.

لە ساڵی ١٩٨٥ بەدواوە ژنانی باکووری کوردستان بە گوڕ و تینێکی زۆر و بە بەرنامە و پەیڕەوێکی پێشکەوتنخوازانەوە هاتنە ناو کۆڕی خەبات و تێکۆشانەوە، کە لەناو ئەواندا ژنانی باشووری ڕۆژئاوای کوردستانیش دەردەکەوتن و ڕۆڵیان دەبینی. خەباتی ئەو پۆلە ژنانە چ لە بواری سەربازیدا وەک گریلا، کە بێ جیاوازی و بە هەمان هەلومەرجی پیاوەکان تێدەکۆشین و، چ لە بواری سیاسیدا کە هەزارانیان لە زیندانەکانی تورکیادا بەردەوامیان بە ڕەوتی خەبات و تێکۆشان دەدا، بۆ ژنی کورد دەبێتە وێستگەیەکی گرنگ لە مێژووی هاوچەرخدا.

لە باشووری کوردستاندا ئەگەرچی مێژووی خەباتی ژن دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی یەکەمین حیزبی سیاسی و، هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکان هاوکات ڕێکخراوی ژنانیشیان هەبووە و هاوتەریب خەباتیان کردووە، بەڵام بەهۆی پابەندبوونی ئەو حیزبانە بە داب و نەریتی پاشفەڕۆی سیستەمی خێڵ، لایەنگرانی ژن زیاتر وەک پاشکۆی پیاوەکانی هەمان ڕێکخراو رەفتاریان کردووە. ژنان لە باشووری کوردستاندا بە ڕیزپەڕی ژمارەیەکی سنوورداری ژن لە ناو حیزبی شیوعی عێراق، پێشمەرگەی ژن تا بەهاری ساڵی ١٩٩١ لەناو شۆڕشی ئازادیخوازی کوردستاندا بوونی نەبووە. لە ژیانی سیاسیشدا ئەو ڕۆڵەی نەبینیووە و لە سەرکردایەتی حیزبەکاندا نەبووە.

ئەوەی جێی سەرنج بێت لە خەباتی ژنی کورد لە باشووری کوردستان لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بەدواوە دەست پێدەکات. وەک بەشدار لە ڕاپەڕین، ژنی کورد ڕۆڵی خۆی گێڕا، لە ژیانی سەربازیدا ئێستا سوپا و هێزی ژن دەکرێ ئاماژەی پێ بکرێت، وەک خەبات لە بواری بەدەستهێنانی مافە مەدەنییەکان و بە تایبەتی مافی مرۆڤ، مافی ژن و مافی مندال، دەکرێ ڕۆڵی پێشڕەوایەتی بۆ ژن تۆمار بکرێت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ژنی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، لە ئەمڕۆشدا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ڕووبەڕووی هەڵاواردن دەبێتەوە و ستەمێکی سیستەماتیکی لێ دەکرێ. هەتا ئەمڕۆش ژن بە هەمان سیستەمی کلتووری خێل شەرەفی پیاوە و، لەسەر شەرەف ژیانی لێ دەستێندرێتەوە. هەتا ئێستاش ڕووبەڕووی بەردباران کردن دەبێتەوە. هەتا ئێستاش لە یاسادا دان بە بوونی وەک مرۆڤێکی تەواو نانرێت و بە نیو کەس قبوڵ دەکرێت.

تێڕوانینی مرۆڤی هاوچەرخی کۆمەڵگەی ئێمە بۆ ژن، تێڕوانینی خاوەندارێکە بۆ کۆیلەکەی. کەسایەتی ژنی هاوچەرخ لە ئەنجامی دارێژانی نۆرم و نرخاندنەکانی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای کلتووری خێڵ و، کردنی ژن بە شەرفی خێڵ و بنەماڵە، لەناو براوە. ژن لەو جۆرە کۆمەڵگەیەدا کە جەستەی دەبێ بە شتێ لە شتەکانی بنەماڵە، لە مافە سروشتییەکانی خۆی و سیفەتە ئاساییەکانی مرۆڤ دوور دەخرێتەوە و ئیدی خۆیشی وەک شت ڕەفتار دەکات. ئەو ڕەفتارانە ژنی کۆمەڵگەی ئێمەیان لە لەیستنی ڕۆڵی سەرەکی و تێکۆشانی بەئەنجام خستووە، وایان کردووە وەک دەستی شکاو بە ملی کۆمەڵگەوە هەڵبواسرێت.

**ئەنجام:**

ئەوەی هەتا ئێستا لەم لێکۆڵینەوەیەدا تیشکی کەوتە سەر ڕوونکەرەوەی هەندێ دۆخی نائاساییین کە لە ئەنجامیاندا ژن توورِ دەدرێتە پەراوێزی مێژووەوە. لەم لێکۆڵینەوەدا بەم خاڵە سەرەکییانە گەیشتین:

یەکەم: لە ڕابردووەی دووری کلتووری و مێژووماندا شوێنێک بۆ ژن لە نزیک ناوەندەوە، ئەگەر تەواو لە ناوەندیشدا نەبووبێ، هەبووە.

دووەم: ڕۆڵی ژن، کاریگەری و بەرپرسیارێتی لەگەڵ گۆڕانکاری قۆناغە مێژوویەکاندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و، ئەم گۆڕانانەش لە بەرژەوەندی ژن تەواو نەبوون.

سێیەم: ئەو جەنگانەی بۆ گۆڕانی حوکمی کۆمەڵگە و فەرمانڕەوایەتی لە نێوان دوڵەتە دێرینەکانی وەکو ئاشوورییەکان، سۆمەرییەکان و بابلییەکان ڕوویدا، پایەی ژنی خستە خەتەرەوە، بە تایبەتیش لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بابلییەکاندا و، لە یاساکانی حەموڕابیدا ئەم پایەیە بە تەواوی کەوتە پایینی هەرەمی دەسەلاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتییەوە.

چوارەم: لە مێژووی سێسەد ساڵی ڕابردووی کورددا ڕووناکییەک نەخراوەتە سەر ڕۆڵی ژن و بە تەواوی نازانرێت ڕەوشی ژن لە کۆمەڵگەی کورددا چلۆن بووە. ڕەنگە ئەوەش بە هۆی ئەوە بێت کە مێژووی کورد مێژوویەکی سیاسییە و ژنان لە کۆمەڵگەی کورددا لە ناو کایەی سیاسەتدا ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەلەیستووە.

پێنجەم: لە بیست ساڵی کۆتایی سەدەی بیستەمەوە وەرچەرخانێک لە ڕۆڵی ژندا ڕوویدا و بە هاتنە نێو مەیدانی سیاسی و سەربازی، ژنانی ڕۆژهەلاتی کوردستان شانازی پێشڕەوایەتیان بەرکەوت. دوای ئەوانیش لە باکووری کوردستاندا ژنان بە بەرنامەیەکی پێشکەوتنخوازانە تەقلی خەبات بوون و، سیمای شۆڕشی کوردیان بە تەواوی گۆڕی. لە باشووریشدا ڕاپەڕین، لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ دا بوو بەو سەرەتایەی کە مەشخەڵێک بۆ مێژووی ژنانی کوردیش لە مێژوویاندا هەڵ بکات.

شەشەم: وێڕای هەموو ئەو گۆڕانکارییانەش کە لە ڕەوشی ژنی کوردستان پێک هات، هێشتاش لەگەڵ ستەمێکی سیستەماتیک لە هەموو ڕووەکانی ژیان و بوارەکانی کار و خەباتی ڕۆژانەدا ڕووبەڕوون. هێشتاش بە پێی ڕێسا و یاسا مافیان پێشێل دەکرێت. هێشتاش پیاو لە ناوەند و ژن لە پەراوێزی مێژوودایە.

**دوا وتە:**

داهاتووش مێژووە. دەکرێ داهاتوو نە لە ڕابردوو بچێ و نە لە ئەمڕۆ، بەلام هەوڵەکانی ئەمڕۆن کە داهاتوویەکی جیاواز بۆ ژن دەخولقێنن. بەشداری و چالاکی ژنان و هەوڵدان بۆ بینینی ڕۆڵی پێشڕەوێتی و پێشەوایەتی لە هەموو بوارەکاندا، بە بێ دوودلّی و سل کردن، بە ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو داب و نەریتانەی کە ئەستەنگی بۆپێشەوە چوونن، بڕیاردەرە لەوەی کە داهاتووی ژنی کورد دەرەوشاوە بێت. ژنی کورد دەبێ لەو شوێنانەدا جێبگرێ کە سەرچاوەن و لەوێوە بڕیارەکان دەردەچن. کە لەگەڵ حیزبێکدا، ڕێکخراوێکی سیاسی و تەنانەت ڕێکخراوێکی

کلتووریشدا کار دەکات، دەبێ چاوی لەو شوێنە بێت کە ستاتووی بڵند دەکاتەوە. ژنی کورد پێویستە ڕۆڵی پێشەوایەتی لە هەموو بوارەکاندا وەک پیشەیەکی ئاسایی بە هی خۆی بزانێ و بتوانێ بڕیارەکان لە بەرژەوەندی مافەکانی خۆیدا بدات و کاریگەری هەبێ. گێڕانەوەی ژن بۆ ناوەندی مێژوو، ئەرکی قورس و بەرپرسیارێتی مەزن دەخوازێ. دەبێ ژن ئامادەی ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییە بێت.

سەرچاوەکان:

1- Franch، M (1986) : Bortom makten، om kvinnor، män och moral. Stockholm: Legenda. P47

[2]. ئۆ. ل. ڤیلچێڤیسکی – ڕەوتی مێژووی دروستبوونی میللەتی کورد. وەرگێڕانی: ڕەشاد میران. ستۆکهۆڵم. **١٩٩٣**

[3]- Hamnel، A، Olander G & Granfelt H (1980) : Berättelser och bilden ur världens historien، del 1. Gävla: Skolförlaget.

4- Thalin L (1975) : Forna tiders kvinnor. Helsenkfors: LTS förlag AB.

5- Gould. D. A (1971) : I begynnelsen var kvinnan. Stockholm: Almqvist& Wiksell.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

---

[1] سەرچاوەی ژمارە ٤، ل ٥٠.

[2] سەرچاوەی ژمارە ٥، ل ٧٥.

[3] سەرچاوەی ژمارە ١، ل ٤٧.

[4] کرێتا، شارێکە لە یۆنان، ئێستاش جێگەی گەشت و گوزارە.

[5] سەرچاوەی ژمارە ١، ل ٣٨.

[6] سەرچاوەی ژمارە ٢، ل ٤٠.

[7] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١، ٤٢.

[8] سەرچاوەی ژمارە ١، ل ٤٩.

[9] سەرچاوەی ژمارە ٣، ل ٣٨.

[10] سەرچاوەی ژمارە ٢، ل ١١٩.

[11] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣.

[12] بۆ نموونە خولە پیزە لە سلێمانی، عەبە ئامە لە کفری.

[13] سەرچاوەی ژمارە ٢، ل ١٢٠.

[14] هەمان سەرچاوە، ل ١٢٠.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت